ئەی تارمایی گوندێك، ئەی پەنجەرەیەکی خۆڵـین کە بەسەر خۆڵدا دەڕوانیت.. هیچ کەسێ ناوی نە ئەبیستی ئەگەر "بوغی" نەبایە، گەر ئـەم زلهـێزە نەبایە کە قسە و قسەڵۆك دایانـهێنا، یـان قسـە و قسـەڵۆکی داهێنـا. ئێمـە "بوغـی" مـان نـەبینی ئەمەی کە نازناوی خرایە سەر (پریڤا) تـا بووبـە (بوغی بریڤا) ئێمەی منالْ نـەمان بینیبوو، بـەلاّم گۆڕەکەیمان بینی بەسەر لووتکەی تەپۆڵکەیەکەوە (مۆزان)..

ڕێگـای تەپۆڵکەکـەمان هـەر لـە خـودی "مـۆزان"ەوە گرتەبـەر، بـەنێوان دار مێوەکـاندا، لـێرەو لـەوێ بۆڵـی ڕەشمـان هەڵدەپروسـکان و دنکـەکانیمان بـەدوای خۆمـاندا فـڕێ دەدا وەکـو یەکێ شتێك بۆ بەدوا هاتووانیدا جێبهێڵێ کە لە بێهوودەیی زیاتر بە هیچ شتێکی تری ناگەیـەنێ، بۆڵـەکانیش زۆر شـیرین بـوون، ئەوانـەی دانـە وردەکانیـان تـەپ وتـۆز- داپۆشـیون بەقـەدەر ئەوەی زەمینـی داپۆشیوە و ئێمـەش پـەلاماریمان دەدا بەبێ ئەوەی گوێ بدەینـە ئەو تامـە تێکەڵـە تایبەتییـەیان لـەنێوان دەسـتەکانماندا هـەڵمان

دەگووشی تا دەبوو بە گیراوەیەك لە قوڕی لینجی ڕەش و پاشان دەستەكانمان بەخۆڵی سەر ڕێگاكە پاك دەكـردەوە، ئەوڕێگایـەی كـە زۆر نابـات و لـە كـەنار دەشـتاییەكاندا وون دەبێـت و ئیـتر ئـەو ڕچانـەمان دەگرتەبـەر كـە لافـاو و ئـاوی هـاتوو دروستی كردبوون كـە پـاش مـاندووبوونێكی زۆر دەیانگەیاندینـە لوتكەكـەو لوتكـەی دەشـتایی (لـۆزان) تەختاییـە، پـڕە لـەو گۆڕانـەی كـە هیـچ گڵكۆیـەكی زانیارییـان پێـوە نییـە، ئێمـەی منـاڵ خۆمان دەپارێزین لـەوەی پـێ بنێـین بـە گۆڕێكـدا نەبادا مردویەك بە ئاگا بێنین، هەروەها خۆمان لەو كونانەش دەپارێزین كە بەوناوەدا پەرش و بڵاون، چونكە ئەوانە گیانلەبەری تایبەت بـە مردووانـن، ئەوانـەی كە شـەوانە بـە تووتكەكانیانەوەدێنـەدەرو تەرمـەكان دەخـۆن و گاڵتـە بـە ئێسـك و پروسـكەكانیان دەكـەن، كـە تـێریش بـوون لـە لوورەیەكی تێكـەڵ بـەئازاری شـەو و گیانلەبـەرەكانیدا دەنگـی لێ هـەڵدەبڕن... لـەنێوان ئەو گۆڕە تەختانـەدا و لـە نێوان ئەو گۆڕانـەدا كـە لەگـەڵ زەویـدا یەكسـانن و تەنـها گڵكۆكانیـان بـە

دەرەوەیە، لەنێوان ئەم بێ دەنگییە سەرخۆشە بێدارەی کەشینگێڕێکیان نییە، "بوغی بریڤا" ڕاکشاوەو بە وردە زەنگیانەو مورو داپۆشراوە، بە درێژایی سێ مەتر: لە ڕاستیدا پانترین و درێژترین گۆڕە، بەڵام تاڕادەی بەزەیی پیاهاتنەوە پشت گوێ خراوە. شایەنی ئەوەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان شینگێڕەکانی بۆ ناشتنی هەزاران ساڵ بە پێوە لەو لووتکەیە سەرکەون و دابەزن، لوورە و گریانیان وەکو شوێن پێی دەشتاییەکان ببەسترایەن بە ڕەگەکانی باکوورەوە، چونکە (بوغی بریڤا) ئاوا نایەتە دیماهی و دەنگەکەیشی ئاوەها وون نابێ، وورد وورد، لە ناخماندا بەرز دەبێتەوە "ئێمە ئەوانەی کە بە پێوە بەرامبەر مەزنی وێرانەیەك وەستاوین کە پڕ بە چاوانمان: جەستەیەکی ڕاکشاو و بەزەنگیانە داپۆشراو" و دەنگە دڵنیاکەی هەروەکو دەگێڕنەوە و هێمن وەکو جەستە هێمەنە ڕاکشاوەکەی، دەگێڕنەوە: لەنێوان گوندەکاندا بەپێ دەگەڕا چونکە هیچ ئەسپێك بەرگەی قورسایی ئەوی نەدەگرت و گەورەترین ئاژەڵ تەنها دوو هەنگاو دەڕۆشت پێش ئەوەی

پشتی لە ژێر ئەودا دەنووشتایەوەو سکی لە زەوی دەخشا..

.. حیکایەتخوانەکان زیادەیان دەخستە سەر قسەکانیان دەربارەی کاروباری تر لە ژیانی ئەم زلهێزە، دەربارەی دۆلکە ئاوە تایبەتییەکەی کە بیست دۆڵکە ئاوی ئاسایی دەگرت (بوغی) بەتەنیا ئەو گۆزەیەی دەگرت لە بیرەکە ئاوی هەڵدەگۆزی و ئاژەڵی پێ ئاودەدا.. دەربارەی ئەوەی پڕ بە تەنوورێکی تەواو نانی دەخوارد. دەربارەی ئەو دەرگا بەرزانەی ئەوانەی بۆ درێژی ئەو بچکۆڵەبوون، دەنووشتایەوە تا لێیانەوە بێتە ژوورەوە. دەربارەی سەگەکەی کە لە کەتەییدا بەقەدەر کەرێك دەبوو، بەیەکەوە نەبایە لە کەنارەکانەوە دەرنەدەکەوتن، دوو شێوەی ئەفسانەیی قەت گەردەلوولێك نەیدەشاردنەوە، هیچ کازیوەیەك نەدەبووهەتا ئەوان لەلێوارەگەورەکانی ڕۆژئاوای (پرێڤا)وە دەرنەچوونایە، ئەو لێوارانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووباربوون، تا ئێستا بوونەتە پشتیر (گەوڕ)ی هاوینە بۆ مەڕ و بەرانەکانی (بوغی). قسەیان

دەکرد دەربارەی ئەوەی کە بەرەبەنی مابوویەوە، ئێمەش وەکو خۆی لە کێشەکە تێنەدەگەیشتین، بەڵام دیاربوو کە قەت کەسی بە داواکردنی مێینەیەك ڕووگیرنەکردبوو. (بوغی پریڤا) هێمن بوو تا ئەو دەمەی ورە وریکی بێ دەنگ لە نێوان گوندنشینەکاندا بڵاوبوویەوە. (بەهێزەکان زەوی دابەش دەکەن) شتێکی تازە بوو کە بە هێزە تەم و مژاویەکان بەسەر ئەسپەکانیانەوە هاتن تابڵێن: (ئەمە سنووری ئێمەیە، ئەوەش سنووری ئێوە..) پێشتر زەوی تەختایی و هیچ سنوورێکی تێدا نەبوو، تەختایی و ڕوون وەکو پرسیار، وا ئێستا پێچاوپێچ دەبێتەوە وەکو وەڵامی نامۆ.

زەویش بەدەور (پریڤا)دا هاتەوەیەك تاوای لێهات خەڵك نەیاندەتوانی مەڕوماڵات زیاتر لە فرسەخێك بکەنە دەرەوە. ئەودەمە (بوغی) دڵنیا لەهێمنییە دڵنیاکەی هاتەدەرێ بەردێکی هەڵگرت کە پانایییەکەی مەترێك یان زیاتر دەبوو و کەوتەڕێ شان بەشان لەگەڵ کۆمەڵێ پیاودا دەڵێن: ئەوان ماندووبوون لە ڕێکردن و (بوغی) ماندوونەبوو و دەڵێن ئەوان دانیشتن و ئارەقی ناو

چـەوانیان سـڕی و (بوغـی) نەدەوەسـتا. دەڵێـن: بینیان دەڕوا تا لە چاو وونبوو و دەڵێن: (بوغی) گەیشـتە تەنیشـت ماڵـەكانی ئـەو بـەهێزە تـەم و مژاویانە، كە هەڕەشەی دابەشـكردنی زەویـان لـە خەڵك دەدا، ئیتر بەردەكەی سەرشانی فڕێداو وتی: (ئەمە سنووری پرێڤایە) و گەڕایەوە دەڵێن: یەكێك لەو بەهێزانـە بـە ئەسـپێكەوە دوای كـەوت، كاتـێ گەیشتە بەرامبەری (بوغی)، (بوغی) پاڵێكی نا بە ئەسپەكەوە. كەوتە سەر زەوی، پاشان دەستی لە یەكێك لە پێكانی گیركرد و شكاندی و بانگی لـە پیاوەكە كرد: (دوام مەكەوە) ئیتر دوای ئەوە هیچ كەسێك دوای نەكەوت.

..بـەڵام هیـچ كەسـێك پێـی نـەدەوتین: گـۆڕی (بوغی پرێڤا) بەسـەر دەشـتاییەكانی (مـوزان)ەوە چیدەكات؟ لەكاتێكدا ئەودووئاواییە دوورایيـەكی زۆریان لەنێواندایە؟ یان سەگە كەتەكەی كە وەكو خۆی كەتـەبوو چی بەسەر هات؟ ئەو سەگەی كە چـەندین جـار بەسـەر لووتكـەی دەشـتاییەكەوە بینراوە كە دەنگی لە لوورەیـەكی تاڵدا هـەڵبڕیووە بە درێژایی سێ ساڵ لە ژێر تریفەی مانگەشەوو

هەورەبروسـکەدا دەبریسـکایەوە وەکـو ئێمـەی منـالآن پێمـان وایـە مـردووە،، وەکـو خاوەنەکـەی بەبێ ئاژاوەو قوربانی مردووە. ئەی دەزانن (بوغی پریڤـا) مـردووە؟ حیکایەتخوانـەکان دەڵێـن: کـە پەتایـەك مەڕەکانی (بوغـی) گرتـەوە خوریـەکانیان هەڵدەوەری و جەستەیان شەق دەبوو پاشان یەك لەدوای ئەوی تر مردارەوەبوون.

کازیوەیـەك مـەڕەکانی (بوغـی) لـە لێـوارە ڕووبارییەکانـەوە نەهاتـەدەر، بینییـان پشـتی داوە بەسەر کەناری چەمەکەوە و خوری چڵکنی زۆر لە دەوری کۆبووەتـەوە، لـە کـاتێکدا سـەگەکەی بـەدەوریا دەسـووڕێتەوەو دەلوورێنـێ.. ئێمـەی منالآنیش دەپرسین: ئایا چاوەکـانی داخرابـوون، یان کرابوونەوەو کەس وەلآم ناداتەوە لە دەشتاییە بە پیتەکانەوە دادەبەزین، ئەوەی کە چەندین جار گـۆزە و کوپـی زیویـن و گـران بـەهای تیـا دەدۆزرایەوە.

لـەڕێی دەشـتاییە ڕۆژهەلآتییـە ڕووتەکانـەوە ڕوومـان دەکـردە شـار، بـەلآم شـار وەکـو خـۆی نـەمابوو، بـەڵکو ئێسـتا زۆرتـر لـە سـەنگەری

نانەواخانـــەکاندا کۆدەبووینـــــەوە، هـــــەندێجار نیوەڕۆمان بەسەردا دەهات پێش ئەوەی دەستمان بگاتـە نـان، چونکـە (الهجانـة) دەبووایـە لـە پێـش بوونایەو چەندین جار ئەو حەماڵانـە منداڵێك یـان پیرەمێردێکیـــــان فــــڕێ دەدایـــــە دەرەوەی قەرەباڵخییەکـــە، تـــا لـــەڕیزەکانا، جێگاکـــەیان بگرنـــەوەو چـــەندین جـــاریش بازیـــان بەســـەر ڕیزەکـــاندا دەداو لەنانـــەواکانیان دەدا یـــان بـــە پێڵاوی سەربازی پێیـان پیـا دەنـان تـا خوێـن لـە دەمو لووتیانەوە فیشقەی دەکرد.. لەپاش هـاتنی (الهجانـة) زۆری موریـدو لایـەنگرانی بـەهێزەکان هیـچ سـوودێکی نـەبوو و لـە پـاش هـاتنی ئـەوان لاوازەکـانیش لاوازییـــەکانیان هیـــچ ســـوودێکی نەبوو. داگیرکردنی ئەوان بۆ شارەکە هاوکات بـوو لەگەڵ لەناوچوونی دەغڵ و داندا، هاوکـاتیش بـوو لەگەڵ پرسیاری (نانەکانمان.. کوا.؟)

ئەودەم ئێمە منداڵ بووین سەرمان سووڕدەما لە چاوقایمی ئەو مێینەیەی کـە وەکـو پیـاوان کـڵاوی لەسـەردەکرد کـراس و چاکـەتی لەبـەردەکرد، وەکـو ئـەوانیش دەمانچـەی بـەکار دەهێنـا ئۆتۆمبیـل و

پارێزەری هەبوو بەڵام. عنود. کچی گەورەشێخی بەدوو لە پاش هاتنی (الهجانة)، شکۆکەی ئەویش زۆری نەخایاند.. زانیمان لەگەڵ بەرزبوونەوەی شەپۆلی (الاصلاحیات الجمیلە)دا هەریەکەمان قسەیەکمان لەسەر ئەو ئێستا ئەفسانەییە هەبوو. هەموو شێخێك لە شێخەکانی بەدوو و هەندێ لەوانەی کە بەرابوردوویەکەوە بەهێزبوون ئیمبراتۆریەکەی بۆگەڕاوەتەوەو لاوازەکانیش تا سەر ئێسك لاوازتر بوون، لەگەڵ بێهیواییدا تەرمی (الهجانە)کان لە بەرزایی ناو دۆڵەکاندا کۆمەڵ دەبوون.

خەڵك لە زۆرداریی ڕۆژانە بێزار بوون لەو کەسانەی کڵاوی سووریان لەسەر دەکردو کرێی خانووەکانیان نەدەدا، بێزاربوون لەوانەی کە نانی بەیانیانی دەبردن، لەوانەی کە دەرگای ماڵەکانیان دەشکاند ئەو دەمەی منداڵەکانیان شەڕیان دەکرد، کە زانیان ئەمانە بۆیە هاتوون تا پرسیار لەنێو گەرویاندا بسڕنەوە. تەڵەی شەوانەیان بۆ دەنانەوە، بە بێڵ و خاکەناز و داس دارکارییان دەکردن، کە قوڕەکە خەستتردەبوویەوە (کە

شتەکان تێکەڵ دەبوون) (الهجانة)کان خەونە بیابانییەکانیان کە تێکەڵ بە پشقل بووەکانیان دووبارە گەڕاندەوە بۆ بیابان، ئیتر پاش ئەوە هەرگیز دووبارە نەگەڕانەوە، بەلاٌم ئەوە ئیمپراتۆرییە بچوکانەی کە هەڵوەشانەوە ئەو لەگەڵ ئەم هاتنە چڕەی ئەم خەمۆکییە ئاسمانییەدا هەڵوەشانەوە. چایخانەکان لێرەو لەوێ دروست دەبوون، چایخانەکان سەربانیان داپۆشرابوون لە حەسیری پووش عەسران پیاوانی تیا کۆدەبوونەوە یان زۆربەی شەوانیان لەبەر تیشکی چرادا بەسەر دەبرد، هاواریان دەکردو نەفرەتیان دەکرد لەو یارییە کاغەزانەی کە بەختیانی زیاتر کردبووە گاڵتەجاڕی. یان هەندێکیان یەکتریان دەدایە بەر کورسی دار پاشان کێشەکە هێمن دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ هاوار و قیژەی بێ توندوتیژی.

ڕقی ئێمە بە بچووکی دەستی پێدەکرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەشونمای دەکرد تا چایخانەشی گرتەوە و تەنیا شەمەندەفەرەکە و کارگەی سەهۆڵو ئاش و فڕۆکەخانە و فڕۆکە و ڕووبارو

ماڵی گەڕەکە قوڕینەکان و مزگەوت و هەژاری و ڕقمان لە هەموو شتێ هاتەوە، چونکە هی ئێمە نەبوون لەنێو خەونە تەومزاوییەکانیاندا کە دەمانبینین بە یارییەکەوە یان جانتایەکی جوانەوە، تەنیا بێ هوودییە وەرسکەرەکەمان کە وەکو هەورێکی خێرا هەڵماندا. پێکەوە لەگەڵ (عابۆ) کوێردا هەڵدەهاتین کە ئەو شوێنەکان بست بەبست و گەڕەك بە گەڕەك شارەکەی دەناسی دەروازە ترسناکەکانیشی بەرەو تورکیا دەناسی و وەکو سەگی قرخن گۆرانی دەگووت.

(عابۆ) لە تەمەنی سی ساڵیدایە، ناشیرین و دەنگێکی گڕی قرخنی پێوەیە، هەرچەندە کوێر بوو بەڵام هەرگیز داری بەکارنەهێنابوو، بەڵکو هەمیشە منداڵێکی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕا. یان دەستی بە دیوارەکاندا دەخشاند و پانایی ئەو ڕێگایانەی دەبڕی کە لە دڵەوە دەیانی ناسی و (عابۆ) ناترسێ.. (عابۆ) پاشای ڕووبارە بەغاردان بە هەردوو کەنارەکەدا غارمان دەدا ئەو دەمەی ئەو بەڕووتی دادەبەزییە نێو ئاوەکە، تا گەردنی ڕۆدەچوو بە ئاوەکەدا، دەستی لە قولاییە

لیخنەکانی ڕووبارەکە دەدا هەر تۆزێ نەتۆزێك و سورەماسییەك یان خۆڵەیەکی تێدەگرتین ئەگەر بەختی لە ڕاودا یار نەبووایە پەنای بۆ کونەکان دەبرد. دەستی دەکرد بە کونەکەداو مار ماسییەك یان سەلتەعوتێکی دەردەهێنا.. سەرقاپە ئێسکەکەی بەسەر پشتی، سەلتە عونێك هەڵدەدایەوەو دەیگوت: "بڕووانن، ئەوە کاتژمێرە گۆشتینییەکەیەتی" یان دەیگوت: (ئاگات لە کلکەکەی بێت، چونکە ژەهراوییە) هەر بە ددانی درێژایی (10) سم لە کلکی دەقرتاند، (عابۆ) ماری بەکلك دەگرت بە مارەکەوە بە ئاوەکەدا ڕۆدەچوو تا بە قورگی بیگرێ، کە دەهاتە سەر دەیگوت: کراسەکەم بۆ بێنن کراسەکەی دەدەینێ و (عابۆ) کراسەکە دەنێتە دەمی مارەکەوە پاشان بە توونـدی ڕایدەکێشی ئیتر ددانەکانی لەبن دەردێنێ، پاشان بە ئارامی دەیاننێتە گیرفانیو خەڵکی پێدەترسێنێ... پاشان بەدوای (عابۆ)دا بە هەموو چایخانەکاندا دەسووڕێینەوە، بەو مناڵەی کەدەستی گرتەوە دەڵێ: (بمبە بۆلای فلان). کاتێ

(عابۆ) لە کەسەکە نزیك دەبێتەوە بە چپە پێی دەڵێ: (قەرزێکم لاتە).

کابرا بزەیەك دەیگرێ و پارەیەکی دەداتێ. ڕۆژئاوا نابێ تا بەهەموومانەوە بەشی چوونە سینەمایەك پارە کۆنەکەینەوە. (عابۆ) لە هۆڵەکەدا دادەنیشێ سەیری ئاسمان دەکات پاش تۆزێك و تۆزێکی تر لە زنجیرەی ڕووداوەکان دەپرسێ، کە بۆشی دەگێڕینەوە دڵخۆش دەبوو و قاقاو پێکەنین دەیگرێ و ئێمەش دێنێتە پێکەنین..

.. (عابۆ) دووژنی دەرۆزەکەری هەیە لە ماڵە لە پشتیرچووکەیدا لە کۆڵانێکی لادا کۆیانی کردۆتەوە یەکێکیان ناوی (شووشە) یە پێپەتی و بەقەدەر فیلێك بڵحە، پێیەکانی وەکو پێیگامێش سم و.... هەیە. تەپەی پێ پانەکانی ئەهات وەکو سمی گامێش.

(شووشە) کە چووە هەر ماڵێکەوە بەدەستکەوتێکەوە نەبێت لێی نایەتەدەرەوە، سا ئیتر خاوەن ماڵ ڕازی بێت یان نەء، ژنی دووەمی ناوی (باسی)یە هێمنە زیرەکی ئەو لە زیرەکی مریشکێك تێناپەڕێت، بەڵام (شوشە) و (باسی)

هەمیشــە لــە ڕێگاوبانــەکاندا شــەڕیانە، هەمیشــە ڕکەبەرێی (باسـی) بە قـژ دەدرێتـە زەویـدا، هـاوار دەکا دەقیژێنــێ زۆرانبازیــەکی هەمیشــەیی نێـوان دوو هـەوە، ململانێییەك کە تیـایدا (عـابۆ) بێلایـەن دەوەســـتێ و بـــە هێزەکـــەیان ڕازی دەکـــات. زۆرانبازییـــەك کـــە زیـــاتر ئێمـــەی منـــاڵ بـــە هاوارەکانمـــان هەڵیدەگیرســـێنن، بـــەدەوریاندا کۆدەبینـەوە، پاڵ دەنێـین بـە یەکێکیانـەوە بەسـەر ئـەوی تـردا ئیـتر چنگـاوڵی یـەك دەبـن وەکـو دوو کەڵەشێر کە لـە باتی پـەڕ جلـەکانیان هـەڵدەوەرێ. پاشــتر بیرمــان دەکەوێتــەوە کــە (باســی) مــرد و (شووشـە) بـوو بـە تـەنیا قـەڕاڵێك بەسـەر (عـابۆ)و ماڵەکەیدا...

(عــابۆ) زەمــاوەندێکی لــە دەســت دەرناچــێ، هەمیشـــە وەکـــو تـــەپڵ و زووڕنـــا لـــە هـــەموو زەمـاوەندێکدا ئامادەیـە، زەمـاوەندیش لـەوێ لـە بـاکوور هەمیشــە لــە هاوینــدایــە و حــەوت ڕۆژ و حــەوت شــەو تــۆز بەســـەر هەڵقـەی هەڵپـــەڕکێوە دەنیشـێ و نەرمـە تۆزێـك دەنووسـا بـە شووشـەی چراهەمیشە هەڵواسراوەکانەوە.

هەروەها بە چاوەسپییەکانی (عابۆ*) ئەوانەی کە دوورتر دەبینن، خوێن دەبینن و سووری خوێنیش لە دەماردا دەبینن و ناویش لە هەناسەبڕکێی ئەوانی تردا دەبینن. هەڵپەڕکێ لە ئەڵقەیەکدا دەخولێتەوە، لەنێوانیانیشدا تەپڵ لێدەرەکان کە جگە لەم ئاژاوە خێرایە، هیچ ئاوازێکی نییە، ئێمە تۆزێ دوورتر لە ئەڵقەی هەڵپەڕکێ بەدەور "عابۆ"دا دانیشتووین کەلێمان دەپرسێ: (ئەرێ هەردوو کچەکەی عاریف هاتوون..؟"

وەڵامی دەدەینەوە: (بەڵێ).

دەپرسێ: (ئەی کوڕانی ئاغا سطام و مهرۆلێرەن.؟".

وەڵامی دەدەینەوە: (بەڵێ)

ئەوکات دەڵێ: (باچاودێری کۆردەرەکان بکەین)،

"عابۆ" دەزانێ، شتێك لە تەپ و تۆزی شەودا کۆدەبێتەوە، چونکە هەردوو کچە جوانەکەی عاریف بە بەزم و ڕەزم بەناوبانگن، برا گەورەکەیان دەیان بات بۆ زەماوەندو بە دەسکەوتی زۆر لە

سـەریان ڕێکدەکــەوێت. کوڕەکــانی ئاغاکــانیش سطام و مـهرۆش هـەروەها هـەواڵی سەرکێشـی و ڕابواردنیان لە کەس ناشارنەوە، لە سـەیارەیەکی بچکۆلەی جۆری (لاندرۆڤەر) دا دێن بۆ زەماوەند و خواردنەوەشـیان پێیـە، پیـاوە پارێزکارەکـانی باکوور بە چاوی سـوکەوە تێیـان دەڕوانـن، بـەڵام ئێمـــە دەزانـــین کـــە ژنـــان سەرســـامن بـــەو بەجەرگییەیان و بۆچوونێکی تریـان هەیـە، لەگـەڵ (عابۆ)دا دەڕۆین کوڵمان دەگرت لەو ماڵانەی کە لە پشتەوەی گەڕەکەکانـەوە پـرش و بڵاوبوونەتـەوە، کاتێك کە خاك لەژێر پێی هەڵپەڕکێدا تاو دەسێنێ (گـەرم دەبێـت) و ئارەقـەی تـەپڵ لێدەرەکان بەسـەر سینەیاندا شۆڕدەبێتەوە تا پێڵاوەکانیان، سطامو مەرۆ بەدزی خەڵکەکەوە دەڕۆن تا لەسەر کۆمەڵە پووشێك (لـەو کۆمەڵـە پووشـەگەورانە) دوور لـەو ئـاژاوەو قەرەباڵخیـە دابنیشــن، پاشــان ئــەوانیش لەسەرخۆ وەك لەسەرخۆیی قەتێ هەردووکچەکەی عـاریف و براکـەیان دزە دەکــەن بــۆ ســەر هــەمان کۆمەڵـە پـووش، ئەوکاتــە (عــابۆ) بەچپــە دەڵــێ:

"ئەرێ هاتن..؟"

وەڵامی دەدەینەوە: "هشهششش"،

کوڕەکـــەی عـــاریف دوور لـــە خوشـــکەکانی دەوەستێ و چاودێری ڕاڕەوەکان دەکات.. بە نۆرە لەسـەر ئـەو کۆمەڵـە پووشـە ئاسمانییـە، جـووت جووت نیوە ڕووت لەناوك بەرەو خوار دەبینـین و پـوزی ڕووت بەسـەر شـانی گەنجەکانـەوە وەکـو خەنجـەر دەبریسـکێنەوە. پوشـەکان دەشـکێن و هاواریـان لێوە هەڵدەسـتێ. (عـابۆ) بەچپـە دەڵـێ: (ئەرێ دەستیان پێکرد.؟؟)

وەڵامی دەدەینەوە: هشششششش

ئەو هاوارە خنکاوە بەرز دەبێتەوە و ئـاژاوەی پووش زیاد دەکات تا وامان لێدێت باوەڕ دەکەین کـە ئەوانـە گـوێ بـە هیـچ شـتێك نـادەن جگـە لـە تـەواوکردنی خوولی ئەو میـوە ئادەمییـە نـەبێت و هـەزار قیـژە و کـاری لـەپڕ لـەچاو تررووکـانی ئـەو گریانـە تەمومژاویـەدا نیـوەی ڕووت لـە نیـوەی ڕووتـی تـر جیاناکاتـەوە. ئـەو سـووکایەتییەی کـە کوڕانـی سـطام و میـهرۆ پێـی هەڵدەسـتن ئیـتر سووکایەتی نین، بەڵکو گەڕانێکی پڕ ماندوو بوونن دەمارەکـانی ملـی پـێ بـا دەکـات، پێـش ئـەوەی

سەرەتایەكی تر بدۆزنەوە بۆ سەرلەنوێ باكردنی دەمارەكانی مل.

پاش ئەوە هەمووان دەگەڕێنەوەو ئەوكاتەی كە كوڕەكانی ئاغا دەگەنە نزیك بازنەی هەڵپەڕكێ بەدەمانچەكانیان چەند گوللەیەك دەنێنە ئاسمانەوە، هەروەكو ڕوومەتیان لەو گەڕانە بشارنەوە كە هەرگیز تەواو نابێ، هەر لە دەمامكی ئاژاوەدا ئێمەی منالیش دەگەڕێینەوەو پرسیاری تازە هەڵدەگرین، پرسیارگەلێك كە درێژ دەبێتەوە وەكو هەناسەبڕكێی كوڕانی ئاغا سطام و میهرۆ و دەبریسكێنەوە وەكو پوزی كچانی عاریف..!

*　　*　　*

ئێمە دەمان زانی چۆن خۆمان لە مێش هەنگی هاوینان دەپارێزین. بەڵام ئەو دەمەی کە گەرمای نیوەڕۆ تینی دەسەند لە تووڕەییدا وەکو سەرخۆش دەڕۆیشت، بەڵام چیبکەین لە مێش هەنگی بەفر..

-ئێمەی منداڵ مێش هەنگی هاوین دەوروژێنین، دارێك دەکەین بە کونیدا ئەوانیش بە تووڕەیی دێنە دەرەوەو ئێمەش بە تەور لێیان دەدەین، بەڵام مێش هەنگی بەفر مێش هەنگێکی ئاسنینە ئەی دەبێ گۆشت چی لە دەست بێت بەرامبەر ئاسن؟. ئای لە گەرووی ئاسمانی کراوە..

ئای لە شاژنی هەنگ و کرێکارەکانی؟ ئای لەم باوبۆرانی بەفرە: شەش ڕۆژان و هەموو شتێك بە کلۆمێکی سپی توونـد بەستراوە.. تا دوای ئەوە وردە وردە ماڵەکان هەناسە دەدەن و سەربانەکان بەهێڵی ڕەش -لە ڕیشۆڵە- وەکو هێڵەکانی نووسین دەڕازێنرێنەوە. لەنێوان ئەم مورەکەبە سپییە خوداییەدا منداڵێتی ئێمەش تێکەڵ بە منداڵێتی گەورەکان دەبێت.

گەورەكان منالێتی خۆیان دەگێڕنەوەو ئێمەی منالیش گوێ دەگرین. "ئای لەو حەنینەی لە بەفردا دەكرێتەوە" گەورەكانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان وەكو ئێمە منالْ بوون، وا دەلێن و ئێمەش بڕوا ناكەین، بەلاّم هەر وەكو كەسێ بیەوێ هەر بۆ گالْتە تا كۆتایی گوێ لە درۆیەكی گەورە بگرێ: ئەرێ هەر بە ڕاست ڕۆژێ لە ڕۆژان گەورەكانیش منالێتییان هەبووە؟.

ئەرێ بەڕاست ئەوانە منالبوون.؟ ئەوانەی كە دروست بوون تا چاودێری ئێمە بكەن، هەر بە گەورەیی لەدایك بوون، تا هەر بە ئەنقەست كورتمان بكەنەوەو كورتیان كردینەوە... وا ئێمە حەپەساوین بە درۆكانیان، دەربارەی منالێتییەك كە نەبووە..

دەیگێڕنەوەو وا هەست دەكەن كە بەگێڕانەوەی دلّی ئێمە خۆش دەكەن، بەلاّم بە دلْنیاییەوە دەیگێڕنەوە.. تا بڕوا بە خۆیان بهێنن كە ئەوانیش لە ڕۆژگارێكدا (ڕۆژگارێكی بەدۆزەخدا ڕۆچوو)دا، بوونەوەرێكی هێمن بوون... یەكەم جار گێڕانەوەكە لە ڕەشەبایەكەوە دەست پێدەكات، ڕەشەبایەكی

توونـد تـر لـەوەی کـە بینیمـان و نـاوی لێ دەنێـن (بەفرە گەورەکە) و لێرەدا ڕووداوەکان تێکەڵ دەبن لادێییەکان بەروار و ڕووداوەکـان شـارەزان، بـەبێ تۆمارگە و بەدڵنیاییەوە شتێکیان لەوە دەزانی.

ئـەوان وادەی هـاتنی شــەو و ڕۆژ و کورتــی و درێژییان دەزانی، هەروەها وادەی هەڵکردنی (با)و بـاران بارینیـان دەزانــی و خوولــەکانی نــەش و نماکردنی ڕووەك... ئەوان درێژایی ئەو ساڵەی کە تیای دەژین بە وردەکارییەکانییەوە دەخوێننەوە، بـەڵام کـە دەیانـەوێ ڕابـوردوو بگێڕنــەوە، یــان بەرواری ڕووداوەکان بگێڕنەوە، ئەوەی کـە ڕووی داوە تێکــەڵ دەکــەن بــەوەی کــە ڕووی نــەداوەو (دەبوو) تێکەڵ بە (بوو) دەکەن و ئێستا دەکەن بە بەنداوێکی ئەفسانەیی بۆ بـەردەکانی یـادەوەری، بۆ هەموو ئەمانە (بەفرە گەورەکە) دورگەیەك بوو بۆ هەموو ئەو ڕووداوانەی کە زۆر پێش ئەو.. یان زۆر پاش ئەو ڕوویانداوە..

گـەورەکان دەیـان گێڕایــەوە کـە لەبــەر تیــژی ســەرما گۆشــتی پــێ هــەڵدەوەری و ئێســکەکان دەردەکەوتن، پێکان بایان دەکرد و دەنووسان بە

بنکـی پێڵاوەکانـەوە و لـە کـەمبوونی ئـاڵفدا...
مەڕەکان خوری یەکتریان دەخوارد و دەیگێڕنـەوە
ئـەو هاوینـەی کـە بـەدوای زسـتانی (بـەفرە
گەورەکە)دا هات هاوینێکی قاتو قوڕی بوو وای لـە
خەڵك کرد کە لە پاشەڕۆی مەڕوماڵات دا بە دوای
پاشماوەی دانەوێڵەدا بگەڕێن.. و دەگێڕنـەوە کـە
نرخی (کێری) گایەك لـە نرخی کاوڕێکی تێپەڕاند
کە لە ڕۆژانـی ئاسـاییدا پێـی دەفرۆشـرا. ئێمـەی
منـاڵیش، شـتەکە زۆر بـە سەرسـوڕمانەوە
وەردەگریـن "کـێری گایـەك..؟" و دەڵێـن: (بـەڵێ،
کێری گا.. تۆزێك لەسەر ئاگر دەیبرژێنن و پاشان
دوو ڕۆژ دەیجـوون، تـامی دەدەنـەوە و وا دەزانـن
تامی گۆشتی برژاو لە دەمیاندایە)، دەگێڕنەوە کە
خەڵك مەڕیان دەخوارد و پاشان کە مەڕ تەواو بوو
ئەسپ و هێستریان خوارد، کە ئەسپ و ئێستریش
تەواو بوو گوێ درێژیان دەخوارد کە گوێدرێژیش
تـەواو بـوو پشـیلەیان دەخـوارد، هـەندێ خـەڵك
وازیـان لـە خـواردن هێنـا، سکیان بایکرد و مـردن،
هـەندێکی تریشـیان گەشـتەکەیان تـەواوکردو
سەگو مارمێلکەشیان خوارد..

گەورەکان لەسەر گێڕانەوەیان بەردەوام دەبن، ئێمەش لە گێڕانەوەکانیاندا هیچ شتێك لە مناڵێتیمان بەدی ناکەین، دەڕۆین تا لە بەفردا، یان لەودوای بەفرەوە بۆی دەگەڕێین، کاتێ کە تەشی با ئەم لۆکە ساردە ئاسمانییە دەکاتە شەختەیەکی پتەو وەکو خودە و ئەوکاتەش کە چنینەکانی زەوی بوونەوەر دەکاتە ئەفسانە.

پاش ڕۆژانی بەفر و ئەو کاتەی دەشتاییەکان درز دەبەن و ژیان دەمامکی خونچەیەك یان پەپوولەیەکی لەسەر دەکرد و دەهاتە دەری و ئیتر کەژاوەی دەروێشەکان دەکەونە ڕێ بەرەو ماڵی شێخ ئەحمەد خەزنەوی لە باکووری ڕۆژهەڵات.

دەروێشەکانی خەزنەوی لایەنگرێکی توند ڕەون بۆ خەزنەوی بەدرێژایی ئەو وەرزەیان ئەڵقەی زیکر دەبەستن.. تا دەگەڕێنەوە لە ماڵەکانیانیشدا دەست پێدەکەن، بەعادەت ماڵی ئیماندارترینیان هەڵدەبژێرن لەوێ -ئێمەی مناڵ- بەرامبەر ئەمانەی کە ڕوو دەدەن هەڵدەلەرزین یان پێدەکەنین..

.. پێش بەستنی ئەڵقەکان دەروێشەکان ئەو نانە جۆیە دابەش دەکەن کە لەماڵی خەزنەویەوە هێناویانە، ئێمەی مناڵیش لە موفەڕکی ئەو نانە ڕەقە بەشێکمان هەیە... پاش ئەوە دەف لێ دەرەکە (کە بە عەربانە ناوی دەبەن) بەو دەفەی کە ئەڵقەی مسینی پێوەیە، زیکرەکان بەهێمنی دەستی پێدەکات، بەڵام زۆر نابات بەرزی بەژنی دار کالیپتۆزەکان داگیر دەکات.

سەری دەروێشەکان لەگەڵ باڵایاندا لە حاڵەتی زیکردا دەلەنگێنەوە قسەکان تێکەڵ دەبن و دەبنە چپ و هووڕ، ڕوومەتەکان گرژ دەبنەوەو دەمەکان لە حەپەساویدا دەکرێنەوە، هەندێك دەکەون و لە هۆش خۆ دەچن و ئەوانیتر هاوار دەکەن. (حاڵیان لێهات یان نهێنییەکەی بۆ هات) و ئێمەی مناڵانیش هیوادارین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان حاڵمان لێ بێت، بەڵام نایەت، تا لە کۆتاییدا بەوە دڵی خۆمان دەدەینەوە کە ئەوە کێشەیەکی تایبەت بە گەورەکانە...

... هەندێك لە دەروێشەکانی شێخ دەڵێن شێخ ڕقی لەم ئەڵقە بەستنانەیە، بەڵام چی بکات ئەوە

ئەڵقــەکانداو کامــەیان زیــاتر توونــد ڕەوە لــە کـردەوەدا لـەکاتی حـاڵ لێـهاتندا، بـەڵام (شــکرۆ) دەروێشـێکی سـەیرە، دەروێشـێکی یاخییــە.. تـا بڵێـی سـەیرە نـەوەد کیلۆمـەتر بە پێیان دەبڕێ لـە شـارەوە بۆمـاڵی خەزنـەوی، وا دەزانـێ تـا زیـاتر ڕەحمــەتی ببــێ بەرەکــەتی زۆر تــرە. (شــکرۆ) پانۆڵکەیـەو بـاڵا مـام ناوەندییـە سـێ جـل بەسـەر یەکدا لەبەردەکات لـە ژێرەوە شەرواڵێکی خووری لەپێ دەکات و بەسەر ئەویشدا عەبایەکی ئەستوور کە لەمووی بزن چنراوە، بە هاوین و زستان هەموو ئەو جلانە لەبەردەکات و قامچییەکی درێژیش کە بە پەتێك بەستوویەتییە مەچەکییەوە نەباون ببێ بەسـەر بـاری هـەموو ئەمانـەوە –ئـەو خوویــەکی سـەیری تـری هەیـە بـۆ کۆکردنـەوەی پـەت و دەزوو لەسـەر ڕێگاوبانـەکاندا، گیرفانــەکانی پڕدەبـن لـە بەن و دەزوو کە گیرفانەکانیشی پڕدەبن دەیانخاتـە ناو کڵاوەکەیەوە.

(شــکرۆ) جگــە لــە گــەڕان بــەدوای داوەت و مـەولودیدا، هیچ کـارێکی نییـە. داوەتـی شـایی و لــەدایك بـوون و مـردن و خەتەنــەکردن، هــەندێ

جـاریش کـه فـێ دەیگـرت وەکـو (گـا) دەیبۆڕانـد کەفی دەچەراند، پاشان زۆر بە ماندوێتی ڕادەبێ و سەتڵێ ئاو دەخواتـەوە، ئاو بەسـەر ڕیشـە درێـژە چرەکـەیدا دێتـە خـوارەوە تـا دەبێتـە پلووسـك و (شـکرۆ) مـاڵی نییـە ئیـتر لەهـەر پشـتێر، یـان لـە کەلاوەیەکدا بۆی ڕێك بکەوێ وا دەنوێ..

... ئێمەی منالْ لێی دەترسایـن، لـە چاوە زاقە دەرپۆقیوەکەی و فێ لێ هاتنـەکانی دەترسـاین بـە پێچەوانـەی ئـەو ژنانـەوە کـە چـاو –پۆشـییان لێ دەکرد کـە– ئـەوی نێر– ئامادەی ئەڵقـەکان بێـت، ئەو ئەڵقانەی کـە تایبـەت بـوون بـە ژنـان.. –کـەم عـــەقڵی– ئـــەویان دەکـــردە پاکانـــە بـــۆ ئـــەو ئامادەبوونەی..

(شکرۆ) بۆ ئەو مۆڵەتانە دەگەڕا، بەڵکو زیاتر خۆی گێل دەکرد تا زیاتر خۆشی لە یارییەکە ببینـێ. هـەر کاتێکیش هـەر کامێکیان لە حزووری خوادا هاربوو و بووڕایـــەوە (شـــکرۆ) هەڵدەســـتێ و هـــەڵیدەگرێ و دەیباتە دەرەوەی ئەڵقەکە.. و چەند جارێکیش بەوەوە گرتوویانە کە (ژنە لە هۆش خۆ چووەکە) لـە باوەش

دەگرێ و بەشێوەیەك کە هێما نەبووە بۆ یارمەتی دان، بەڵکو هێما بووە بۆ شتی تر...

چەندین جاریش ئێمە بینیومانە کە (ژنە لەهۆش خۆچووەکە) بێدار دەبووەوە نەك بە چارەسەری فریا کەوتنی (شکرۆ)* بەڵکو بە توندی خۆ نووساندنی بە ژنەکەوە، ئەوان بە ڕقەوە مۆڕەیان لێدەکرد، مۆڕەیەك کە تێکەڵ بوو بە شەهوەت شەهوەتێکی شاراوە.

.. بە چاو ئاماژەیان بۆ شوێنێکی وروژاو دەکرد لە جەستەیدا و جوێنیان پێدەدا، ئەویش پێدەکەنی پێکەنینێکی وەکو قیژەو ڕادەکشا.

(شکرۆ) هەمیشە ڕووخۆش بوو. بەلاّم (ڕۆژە تاریکەکە) ئەوی گۆڕی بۆ بوونەوەرێکی تووڕەو تۆقاو و ئایا دەزانن (ڕۆژەتاریکەکە) چییە.؟ بەیانییەك بەسەر تاریکییەکی نامۆدا بێداربووینەوە، تاریکییەکی ڕەشتاڵە و تۆقاندنێك بەسەر ڕوومەتی گەورەکانەوە وێناکرابوو، هەر بە ڕاستی بەیانی بوو، بەلاّم بەیانییەك کە مرۆڤ لە دووری مەترێکەوە مرۆڤی نەدەبینی. چووینە دەرەوە بۆ حەوشەی ماڵەوە، خەریك بوو ڕێگای

دەرگاکەمان لێ وون بێت، تەپ و تۆزێکی گەورە، ئەو تەپ و تۆزە بەجەرگەی کە هەموو زەمینی داگیرکردبوو، وەکو ڕژانی تیشکی ڕۆژ لە شووشەکەوە دەڕژا، ئەو تاریکییەی لەناو جلەکانماندا بوو. کە لە خەوهەڵساین لەگەڵماندا لە نوێنەکانماندا نووستبوو.

.. ورەورێك پەیدابوو. (ئەوە نیشانەکەیە)، گەورەکان دەستنوێژیان هەڵگرت و ڕوویان کردە مزگەوت و ئێمەش بەدوایاندا وەکو ئەوان دەستمان بە دیواردا دەهێنا، کوێروکوێر ڕادەکێشێ و لەبەر دەرگای مزگەوتە گەورەکە پیاوانی گەڕەك هەموو کۆبوونەوە..

.. ورەوورو.. دۆعا خوێندن، سەیری لای ڕۆژئاوا دەکەن و دەڵێن. (ڕۆژ لێرەوە هەڵدێ..)

یارییەکە سەیر بوو بۆ ئێمە.. یارییەك بە نیگەرانییەکی بچوك دەستی پێکرد و زۆری نەبرد بوو بە چاوەڕوانکردنێکی ڕاستەقینەی هەڵاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە.

تەپ و تۆزەکە تۆزێك دەکرێتەوە و وامان لێدێت لە شۆستەکەی ئەو بەرەوە ماڵەکان ببینین،

بەڵام كارەسات بوو كارەسات. شكرۆ لەنێوان شەقامەكەدا دەهات و دەچوو و ئەو كاتەی كە دەستی بەرەو ڕۆژئاوا هەڵدەبڕی و هاواری دەكرد (مەدەد خۆجا.. مەدەد* قامچییەكەی كە بە پەتێك بە مەچەكییەوە بوو بەرز دەبوویەوە. گەورەكان هاواری لێدەكەن. هێمن بە شكرۆ. (شكرۆ)ش غاری دەدا بۆ لای ئەو مەلایەی كە بەرامبەر دەرگای مزگەوتەكە وەستابوو، لە نەوازش و بچوكیدا دەستی ماچ دەكرد و بەپاڕانەوەوە سەیرێكی ڕوومەتی دەكات، مەلاكەش دەڵێ. (هیچ مەترسییەك نییە بۆ ئیمانداران.. وهیچ ترسیان نەبێت).

نازانین بۆچی لەبەر دەرگاكە وەستاون.. ناڕۆنە ژوورەوە بەڵام هەندێك ورە.. ورمان لێ دەڕژێ: (مزگەوت داو پەناگەیە)، كەواتە ئەو مەترسییە ترسناكەی كە ئێمەی پەنا داوەتە مزگەوت، هێشتا نەهاتووە.

كە دەستەواژەی (دەجاڵ) و (یەئجوج و مەئجوج) دەبیستین بە ئاستەم هەناسە دەدەین پاشان بە تەواوەتی هەناسە لە خۆمان دەبڕین

ئەوانــە بوونەوەرگـــەلێکن کـــە دواتـــر دێـــن بوونەوەرگەلێکی ڕیشن، بوونەوەرگەلێك کە بالآیان لە باڵێ کەمترە.

بــەردو ئاســن دەخــۆن بوونــەوەر گــەلێك کــە کوێرێــك بەســەر کەرێکــەوە پێشــیان کــەوتووە، یــاخیبووانی ســـەر زەمـــین دوایـــان دەکـــەون و زۆرترینیشیان لە ژنانە و بەڕووتی لە پێشیانەوە دەڕۆن و بــە ئانقەســت و لەبەرزاییەکــەوە خــەڵك دەوروژێنن پیاوی خۆگریــش لــە خشــتە دەبــەن و هێمای هاتنی ئەمانە ئەوەیە کە ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هــەڵبێ. کەواتــە ئــەو تاریکییــە چاوەڕوانکراوەیــە، ئەمەیەو ئەم تەپ و تۆزە، تــەپ و تــۆزی هــەرەس هێنــانی ئــەو شــوورایەیە کــە خــوا بــە دەوری (یەئجوج و مەئجوج)دا هێنابووی و نەیاندەتووانی لێی بپەڕێنەوە.

(شـکرۆ) بەمــەلا ئــەڵێ. (ئێســتا بــە قــامچی دەیانگێڕمەوە) و مەلاش پێی دەڵێت (هێمـن بـە)، (شکرۆ) دەڵێ. (چاوەکانم هەڵدەکۆڵم تا ئەو ژنانە نــەتوانن بموروژێنـــن.. و بمخەڵــەتێنن). مــەلاش وەڵامی دەداتەوە. (هێمن بە) سەر لەنوێ (شکرۆ)

بەناوەڕاســـتی شـــەقامەكەدا دێـــت و دەڕوا.. و دەپارێتەوە.. مەدەد.. خۆجا مەدەد...

نیــوەڕۆ تــەپوتۆزی ســـەر زەوی بەردەبێتــەوە شێوەكان هەروەكو لە دەریایەكی خۆڵین دەرچووبن خــەڵك ســـەیری بــەرزایی دەكــەن. ڕۆژ لــە پشــتی تەمێكی تاریكەوەو لە شێوەی بازنەیەكی سووری كــاڵدا و لـــە ناوەڕاســـتی خـــودەی ئاسمـــاندا، دەردەكەوێ گەورەكان دادەمێنن: (لـە ناوەڕاسـتی ئاسماندایـە، ئـاخۆ لــە ڕۆژهەڵاتــەوە.. یــان لــە ڕۆژئاواوە هەڵهاتووە؟) تۆزێ دەوەستن تا بزانن لە ماوەی داهـاتوودا بـە چ لایـەكدا دەنووشـتێتەوە). بــەڵام (شـــكرۆ) ناوەســتێ، جامانەكـــەی ســـەری دەخاتـــە ســـەرزەوی و هاواردەكـــات. (بـــەلای ڕۆژئاوادا.. ڕۆژئـاوا.. مـەدەد..) پاشـان فێیـەكی لێ دێ و وەكو شوورا هـەرەس هێناوەكەی یـەئجوج و مەئجوج، هەرەس دێنێ و دەكەوێتە سەر ڕێگاكە..

... پـــاش ماوەیـــەك هەڵـــەی خەملاندنەكـــە دەردەكـــەوێ و ڕۆژی قیامـــەت بـــۆ كـــاتێكی تـــر دوادەخرێت.. دەبێ زەمین، چـەند چـەرخێكی تـر ئەو سەرەڕۆییە تەحەموول بكات. دەبێ تاكاتێكی

تــر تەحــەمولی تەڵەکــەبازی مــردوان و زینـــدووان بکات. لێرەدا ئیتر گەورەکان بەر دەرگای مزگەوت چــۆڵ دەکــەن و ئێمــەی منــاڵ دەمێنینــەوە زۆری پێناچێ و ئێمە بەدوای مەڕەکانی (حمدون)دا غار دەدەین، ئەو (حمدان)ە شوانەی کە بۆ یەکەمجار و پـاش ســی ســاڵی ڕەبــەنی ئــەو ڕۆژە درەنــگ لــە گەوڕەکەی هاتە دەرەوە.

(شکرۆ) وەکــو دەزانــن هیــچ هاوڕێیــەکی نییــە جگــە لــە (حمــدان) کــە زۆربـــەی شـــەوان لـــە پشــتیرەکەیدا پــەنای دەدات و (حمــدان) لــە چــل ساڵیدایە مــەڕوماڵاتی بــرا قەســابەکەی لــە خــۆر ئاوای شاردا بەخێو دەکات، براکەشی لەبری ئەو خزمەتــەی مــاڵێکی قوڕینـــی داوەتـــێ کـــە بـــە شوورایەکی قوڕینــی نــزم دەورگــیراوە. مــاڵێك کــە تەنها ژوورێکی تێدایە، لەگەڵ چاشولك و سەگ و هەندێ لەو بەرخانــەی کــە تــازە زاون، دەنــوێ.. و دوای ئەوە (شکرۆ)ش هاتە پاڵیان، بەڵام حەوشە فراوانەکــە بــۆ مــەڕەکان بــوو، بــەڵام هاوڕێیـــەتی (حمــدان) و (شــکرۆ) زۆری نـــەخایاند، چونکـــە (شـکرۆ) نهێنییـەکانی هاوڕێکـەی نـە پاراسـت...

(حمدان)ی هەتیو لە پەنای براکەیدا گەورەبوو کە هەر لە منداڵییەوە کردبووی بە شوان، کە گەورە بوو جگە لە ناوەکان هیچ شتێکی لە شارو خەڵك نەدەزانی. بازنەی دنیاکەی ئەو لە بیست کاوڕ زیاتری نەدەگرت، بە تەواوەتی تەنیابوو.. (شکرۆ) نهێنی تەنهاییەکەی (حمدان)ی نەپاراست.. دەربارەی جۆرە پەیوەندییەکی نهێنی دەگێڕایەوە لەنێوان شوان و ماکەردا و هەروەها دەربارەی جۆرە پەیوەندییەکی نهێنی لەنێوان شوان و کاوڕدا، تا خەڵکی قۆشمە و خۆهەڵقورتێن (شکرۆ) یان کێش دەکرد بۆ گێڕانەوەی وردودرشتی ئەو پەیوەندییە بەبێ پەراندنی هیچ وردە نهێنییەك..

.. دەیگێڕایەوە و دەیگوت (حمدان) بە شەو خەبەری دەبێتەوە، کاوڕەکان لە گۆشەیەکدا گیردەدات و پاشان سواریان دەبێت هەروەکو چۆن پیاو سواری ژن دەبێت.. یان هەر بەسەر هەرزاڵەکەوە دەست درێژی دەکردە سەر کاوڕەکان...

(حمدان) لەناو زڕاندنەکانی (شکرۆ) تووڕەبوو، بـەڵام ڕقـی براکـەی (حمـدان) لـە هـەردووکیان ئەسـتوورتر بـوو..، بـۆ ڕزگـاربوونی لـەو قسـەو قسەڵۆکانە بڕیـاریدا ژن بـۆ شـوانە بـهێنێ. هـەزار لـیرەیدا بـە شـیربایی کچۆڵەیـەکی هـەتیوی (یازدەساڵان)، هەر بەڕاستی مندالْ بوو، بە گێژی بـۆ ئێمـەی منـاڵی دەگێڕایـەوە کـە چـۆن چۆنـی (حمـدان) لێـی ئـەدات ئـەو کاتانـەی کـە یـاخی دەبێـت.. و چـۆن چۆنـی هـەروەکو پیـاز ڕووتـی دەکاتەوەو بەو دەستە زبرانەی دەمی دەگرێت تا کەس گوێی لە قیژەی نەبێت..، چۆن..، چۆن.. و ئێمە ئەوانەی کە شلی دەکەین بۆ گێڕانەوەی زیاتر و لـە هـەموو ئـەو کەشـە ترسـناکەو ئـەم شـوانە شەیتانە (مێردی کاوڕەکان)، هەڵدەلەرزین..

.. ئێمەی –وەچەکانی باکوور– هیچ شتێکمان بۆ نەبوو جگە لەوەی ئالەم درزانەوە بێینە دەرەوەو خۆمان ببەخشین بە گەردەلوولی فۆبیا –تۆقـاندن. تـرس.. تـرس و بـەو ترسـەی کـە زەمـین دەستی پێدەکات و بەویش کۆتایی دێت بەهەمان تـرس بـەو وڕێنەیـەی کـە تـرس دای دەدایـە

سەرناخماندا دەبوو بەردەوام بین لە  نێو گلۆڵەیەك لە قیژەی شاراوەی ژنەکەی (حمدون) لەو قیژە درێژە کاریگەرەی کە ناخی دەهەژاند ئێمەش هەمیشە پێدەکەنین لە پێکەنیندا هەڵدەلەرزین.. بە هەڵلەرزینەوە پێدەکەنین. ئەی چۆن بە دیمەنی گەنجێك پێ نەکەنین بە نێو گەڕەکدا ڕادەکات و هەڵفڕێنەرانی بەدواوەوەین..؟  دەزانن بۆچی ڕاوی دەنێن..؟

.. ئەو لە شەوی بووك و زاوایەتیدا ڕووی سپی نەکردن.. بەڵێ ملکەچی کردن.. ئیتر ئەوانیش وەکو نەفرەت لێکراوێك فڕاندیان.. باوکی (بیرام) بووکێکی یازدە ساڵی بۆ (بیرام) هێنا کە هەردووکیان هاوتەمەن بوون. وەك شایەتێك بۆ پیاوەتی حەوت شەو و ڕۆژ تەپڵ و زوڕنای هێنا کە دنیای  پێهێنانەیەك.. شەوێك لەو حەوت شەوەی کەرنەڤاڵی شایی، باوکە کوڕەی پاڵنا بۆ ئەو ژوورەی کە ژنان بووکەکەیان تیاڕێك خستبوو. لەگەڵ هەمووواندا تاکو زاوا بێتە دەرێ و ئاڵای سەرکەوتنی بەسەر ئەو پەردە  هەمیشەییەدا هەڵکردبێ..،

چاوەڕووانی باوك تا بەیانی خایاند.. ئەو كات ژنە نیگەرانەكان پەلاماریان دایە نوێنی بووك و زاوایەتی و غاریاندا بووكەكەیان بینی هەروەكو ئەو كاتە بوو كە هێنابوویانە ژوورەوە گەنجینەیەك كە هەمان قوفڵی پێوەیە كردیان بە هەرایەك زاوایان هێنایە لەرزین بە قژ ڕایان كێشاو قیژاندیان بەسەریدا (ئەمە پیاو نییە) كوڕە هەندێك خۆی دزییەوەو وبە غاردان هەڵات.. و مناڵە هاواركەر و خزمەكانی ئەوانەی كە زاوا ملكەچی كردبوون بە دوایدا.

كەس و كارەكەی بۆ چەند ڕۆژێك لە شەرماندا ڕوومەتیان لە خەڵك دەشاردەوە. ئێمەی مناڵانیش پێدەكەنین، بەو كوڕە شكاوە پێدەكەنین هەر زویش دەچینە ڕیزی ڕاونەرانەوە.. ئاوا.. لە كۆتاییدا بەبێ ئاگاداركردنەوە دووژمنایەتی خۆمان ئاشكرا دەكەین و كەسانێكمان دەستدەكەوێت ئەم ڕووداوانەی بێترس بۆ بگێڕینەوە. بەردێكی زبر هەڵدەگرین، پڕ بە مستەكانمان.. خۆڵ هەڵدەگرین و دەیدەین بەسەری كوڕەكەدا..

بە تۆڵەیەکدا ڕۆدەچین کە هیچ هۆیەکی نییە ورد دەبینەوە لە ڕقی ئێمە لە بوونەوەر، لە هەر بوونەوەرێك و کاتێك کە بێ هیوا دەبین لە گرتنیان، جوێنی تاڵیان پێ دەدەین و دەگەڕێینەوە بۆ ئەو جێگایەی کە چپە چپێکی نامۆ دەبیستین. -(ئایا ئەو سەگەیان فێر نەکرد بوو، کە ئەو کارە بە دەستی بکات گەر، بەپیاوەتیی پێی نەکرا. تفووووو) ئێمەش دەپرسیین. (بەدەستی...؟) بێ ئەوەی کە شتەکە هیچ مانایەکی هەبێت.. چونکە دەست بۆ خواردنو لێدان و دزیکردن و یاریکردن بە زیاترنا. بەڵام وا گەورەکان بە دەستیان شتی تریش دەکەن کە ئێمە قەت بیرمان بۆ نەچووە؟.

هەموو ئەوانە ڕابردووی کاتێکی نامۆن... ئاردێکی ئەسمەریان لە پیت و مس و درۆ و دەلەسەی خۆش وەکو ڕیشگی بەلەگ دەکرد بەسەرماندا کاتێك بوون بۆ ئێمە نەبوون، وەکو هەموو ئەو کاتانەی کە لەسەر زەمین بەدوای یەکدا دەهاتن... بەڵام شکاوەکانی وەکو ئێمە ئەوانەی گوێمان بە تێکشکانێکی نوێ نەدەدا بۆ هیچ

كەسێك نەبوو شتێكیان لێ بەرێ كە نەمانبێت، بۆیە دەمبوسمان خستە نێو ئاڵفی مانگاكانی (سیروب)ەوە، پردی ئاومان بەسەر كێڵگەكانی غەرییت)دا كردەوە تا خنكا، پاشان ڕۆشتین بۆ نوێنەكانمان تا بە شەو ئەوانە تاڵان بكەین كە بەڕۆژ بۆمان تاڵان نەدەكرا.

**دیماهییەك**
**کە قۆناغی لاوێتی بەدوادادێت**
**کە هێشتا نەمنووسیوە.**

چیتر؟ دەربارەی سەگە ڕەشەکە (توسی)، ئەو سەگەی کە کولانە مریشکێك نەما ئەو هێلکەیەك، یان جوجەڵەیەکی لێ نەدزیبێ..؟ چی دەربارەی کوژرانی ئەو بە خنکاوی لە گۆماوی (مۆسسیانا)دا، پاش ئەوەی کە شەنی ئاسنین جەستەی کون.. کون، کردبوو.؟ چی دەربارەی چۆلەکە یەك قاچەکە، ئەو چۆلەکە تراژیدیەی کە پەلاماری دانەوێڵەی مریشکەکانی دەدا، ئەوانیش دەیاندایە بەر دەنووك و ئیتر ئەویش دەوەستاو چاوەڕووانی فرسەتێکی دەکرد تا بەشی خۆی بەرێ..؟ چی دەربارەی ئەوەی کە تۆ پاش چاوەڕوانکردنێکی زۆر دەتگرت.. و دەربارەی ئەوەی کە تۆ پەڕەکانی باڵیت هەڵدەکەند و فڕێت دەدایە بەردەم مریشکەکان، تا بەنۆرە تامردن بەر دەنووکی بدەن... چی دەربارەی براکانی (شاکر)ی

حەماڵ، ئەوانەی کە شاییەکەی (بهرم)یان کرد بە قەسابخانە؟ چونکە براکەیان وا بەتەما بوو کە ئەو بووکە بخوازێت؟ چی دەربارەی ئەوەی کە کچەکەیان فڕاند پاش ئەوەی زاواکەو شەش کەسی تریشیان کوشت..؟ چی دەربارەی ئەوەی کە لە ژێر بارانی هەلهەلەدا کردیان بە ژن.. هەلهەلەی ئەو ژنانەی کە ڕقیان لە خێڵی بووکەکە بوو چونکە نەیاندەویست شووبکات بە (شاکر)..؟ چی دەربارەی (حندر) ئەوەی کە بە سی سوارەوە لەسنووری تورکیا پەڕییەوە، تا هەر بە کێش کردن (عڤدی) لەماڵەکەیەوە بەرێ بۆ تورکیا..؟

چی دەربارەی هاوار و گریانی (عڤدی)..؟ چی دەربارەی پۆلیسە نووستووەکە..؟

چی دەربارەی سەربازگە سنوورییەکان، ئەوانەی کە بێ جووڵە یەکیان نە دەجووڵاند..؟ توونـد و تیژترین شت لە وولاتەکەی ئەواندا ئەوەبوو کە مناڵێکیان بە جوێنەوە بە مناڵێکی تری دابا ئەوەبوو کە کوردبوونی ئاشکرا کردبایەو بیگوتبایە.. تۆ کوردیت..؟ چی دەربارەی (شاور) کە هەمیشە سەرخۆش بوو، دەربارەی وەستانی

شــەو و ڕۆژی ئــەو لــە دەروازەی ســـینەماکاندا و وەرەقەی بچکۆڵەی (یانسیبی) بە دەستەوەبوو تا لەســەر پاکــەتی (بــۆل مــۆل) قومــار بکــات.؟ چــی دەربارەی (اسصفیو) ئەوەی بەڕووتی لەناو قەدی بەرەو سەرەوە بە ڕێگاو بانەکاندا دەسووڕایەوە.؟و بەخـــەتێکی گـــەورە لـــە پشـــتی نووســـیبووی (تەڕەزان)..؟

چــی دەربــارەی (حەبســـۆنۆ)ی گێــل..؟ چــی دەربارەی ئەوەی کە حەماڵەکان بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بــە بــەرچاوی ئــەو منالانــەوە کــە لــە قوتابخانــە دەگەڕانەوە لەنێو پەرژینی یاریگا میللییەکەدا بە نــۆرە دەســت درێژییــان دەکــردە ســەر..، چــی دەربارەی (گوڵیزار)ی ناو زڕاو.. قارەمانی تیاترۆ هەرزانەکان.. ئەوەی کە مەلاکان نەیانویست نوێژ لەسەر تەرمەکەی بکەن..؟ تا لە پاش شکۆیەکی ئیمپراتۆری و لە زەمینێکی تایبەتدا بەخاکیان سپارد..؟

چی دەربارەی (مەلا ئەحمەد)..؟ مەلای دووەم مزگەوتی بچکۆلەی شار.؟ چی دەربارەی کورت کردنەوەی نوێژ و خوتبەی هەینی پێکەوە..؟ چی

دەربـارەی (عبدالرحمـان)ی بـانگدەر، ئـەوەی کـە چەند جـارێك بینییـان کـە لـە توێـی سـترەکەیەوە گۆڤاری پـڕ لـە وێنـەی ڕووت دەردەهێنـێ..؟ چـی دەربارەی گاکـەی سۆفی مـەحمود ئـەو گایـەی کـە کەڵەگایی بەسەر نیوەی مانگاکانی زەویدا کردبوو بەرامبەر بە کرێیەك بۆ هەر مانگایەك..؟

چـی دەربارەی (درێچ) ئـەوەی کـە شـەوێك لـە شەوان لە قوماردا پاش ئەوەی کە پارەکانی تـەواو بـوو، ژنەکـەی دۆڕانـد.؟ ئیـتر براکـانی دایانـە بەرخەنجـەر، پـاش ئـەوە بـە تـەنیا قـاچێك و دوو دەسـتی گـۆج و تـەنیا گوێیەکـەوە ژیـا..؟ چـی دەربارەی گەڕەکی یەهودییەکان (جولەکەکان).. و ترسی ئێمە لەوگەڕەکە..؟ چی دەربارەی تەپۆڵکەی (قولو) کە بە شەوان هەناسەدەدات. چی دەربارەی مێردەزمەکانی ڕۆژ لە دەشتاییەکانی (معێریکا)..؟ چـی دەربـارەی ئـەو سـەگانەی کـە لـە گۆڕسـتانی (انیاس)دان و کەللەسـەری مرۆڤیان پێوەیـە؟ چـی دەربارەی ئـەو قەرەجانـەی لـە کانـەکانی بـاکووردا نیشـتەجێن..؟ دەربـارەی ژنـەکانیان ئەوانـەی کـە بەهــەر کوێــدا تێپــەڕیت، بــەردێکیت بینــی لــە

